# کامێرا دیجیتاڵییەکانتان دەبنە ئامێری گەمەی ئەلکترۆنی



کۆمپانیای Dell لە پێشانگای ساڵانەی CES2013 دا سیستەمی Extreme Reality نمایش کرد کە بە ڕای کۆمپانیای ناوبراو ئەو سیستەمە کامێرا دیجیتاڵییەکانتان دەکاتە سیستەمی کۆنترۆڵ بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان.

یارییە ئەلکترۆنییە هۆشـــمەندەکان پێویستیان بە ئامێری گرانبەهایە و بۆ نموونە ئامێری کینکێتی مایکرۆســـۆفت، چونکە لەو یارییانەدا بەکارهێنـــەر یان گەیمەر ڕۆڵی ئەکتەری نـــاو یارییەکە دەبینێ و چ جووڵەیەك بکات ئەکتەری ناو یارییەکە ئەو جووڵەیە دەکات، ئێســـتا دەکرێت لە ڕێگای پرۆگرامێکەوە هەر بەو کامێرا ئاساییە خۆتان ئەو یارییانە ئەنجام بدەن، جگە لەوەش دەکرێت پەنجەکانتان بە شـــوێنی مـــاوس دابنێن و چ جووڵەیەك دەکەن هێمای ماوســـی کۆمپیوتەر بۆ ئەو شـــوێنە دەچێت کە فەرمانی پێدەکەن، ئەم سیســـتەمە یان بـــە واتایەکی دیکە ئەم ئەپلیکەیشـــنە بڕیار وایە لـــە تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکانی داهاتوودا دابندرێت.

# ئامێرێك هزری بەکارهێنەرەکەی دەخوێنێتەوە



حەز دەکەی بەبێ ئەوەی کە هیچ فەرمانێك بکەی، یان ئاماژەیەك بە پەنجەکانت بکەی، تەنیا بە بیرکردنەوە ئەوەی مەبەستتە بێتە دی، بۆ نموونە بیر لەوەی بکەیەوە کە دەنگی تەلەڤزیۆنەکە کەم بکرێتەوە، یان گڵۆپەکان هەڵبکرێن، تەنیا بەو بیرکردنەوە، ئەوەی مەبەستتە بێتە دی. لە جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەمدا هیچ شتێك لە بەستێنی خەیاڵدا نامێنێتەوە، ئەمڕۆ یان سبەی دێتە دی، بۆ نموونە کۆمپانیای InteraXon ئامێری Muse brain-sensing بەرهەم هێناوە کە شێوەی چاویلکەی هەیە و لە ناوچاوان دادەنرێت، بیروهزری بەکارهێنەرەکەی دەخوێنێتەوە، بەهۆیەوە دەکرێت یاری و چەندین کاری پێ ئەنجام بدەی، 4 سیسنۆر یان هەستەوەر لە پێشەوە و 2 سینسۆر لە پشت گوێ دادەنرێن و شەپۆلەکان لە مێشکەوە وەردەگرن، بەڵام دەبێت پرۆگرامێکی تایبەت دابنرێت تا یادگەی ئامێرەکە ڕاهێنان لەسەر ئەو شەپۆلە مێشکییانەی بەکارهێنەر بکات، بەکارهێنەریش نابێت لەکاتی بەکارهێنانیدا هیچ چەشنە ترس و دڵەخورپە و قەلەقیێکی هەبێت، ئەوکاتە بەبێ هیچ جووڵەیەك و تەنیا بە دانانی ئەو چاویلکە ئاسایە یاری و ئەرکەکانی دیکەی تایبەت بە ئامێرە دیجیتاڵییەکان ئەنجام بدەی.




# کاتژمێرێکی دەستی چاودێری منداڵەکەت دەکات

ئەو دایك و باوکانەی کە هەمیشە دڵیان لەسەر بەری دەستیانە ئەوکاتەی منداڵەکەیان دەچێتە دەرەوەو نازانن بەرەو کوێ دەچێت، رەنگە کاتژمێری Viv-play یەکێك بێت لە باشترین ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم، چونکە کاتژمێرەکە بەردەوام منداڵەکەت دەخاتە ژێر چاودێرییەوە. ئەم کاتژمێرە بچووکترین ئامێری GPSە لە جیهاندا و کاتێك لە دەستی منداڵ دەکرێت شوێنی جوگرافی دروستی منداڵەکە لەسەر مۆبایلی هۆشمەندیماڵەوە نیشان دەدات. سیخورە بچووکەکە هەر ئەوە ناکات کە منداڵەکەت بخاتە ژێر چاوەدێرییەوە، بگرە گشت پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی کە بۆ منداڵەکەت دێن دەخاتە ژێرچاودێرییەوە. کاتژمێرە بە ئاو تێکناچێت و ئاوی تێناچێت. هەموو سیستەمە وایەرلەیسییەکان لەم کاتژمێرەدا هەیە، وەك بلوتوس، وای- فای و GPS و GSM. هەروەها توانایيەکی هەیە کە پێیدەگوترێت ناوچەی ئەمن و ئارام، بە چالاك کردنی ئەو توانایيە بۆ نموونە سنوورێکی جوگرافیت بۆ منداڵەکەت داناوە، ئەگەر لەم سنوورە جوگرافییە منداڵەکەت بچێتە دەرەوە، ئەوە جەرەس لێدەدات و دایك و باوکی منداڵەکە ئاگادار دەکاتەوە کە منداڵەکە لە سنووری دایکراو چۆتە دەرەوە. جگە لەم توانایيە، دوگمەیەکی هەیە پێی دەوترێت پێوەندی گرنگ، بە داگرتنی دوگمەکە زەنگ بۆ 5 ژمارەی لە پێشدا دیاریکراو لێدەدات و بۆ نموونە ئەگەر هاورێ یان ناسیاوێکت لە نزیك ئەو سنوورەیە کە منداڵەکەت ئێستا لەوێیە، ئەو خزم و ناسیاوە ئاگادار دەکاتەوە کە منداڵەکە بەرەو لای ئێوە دێت، کاتژمێرە دەنگی ئەو کەسانە تۆمار دەکات کە لەگەڵ بەکارهێنەرکەی دەدوێن.

# بچووک بەڵام دەنگ بەرز

لـــە کــوردەواری خۆماندا دەڵێن شـــت بە گـــەورە و بچووکی نییە، دەکرێت ئامێرێکی زۆر گەورە کەڵکێکی ئەوتۆی نەبێت و لە بەرامبەردا ئامێرێکـــی زۆر بچووك توانایی و کارایيەکی زۆری هەبێت، بۆ نموونە بڵندگۆی بلوتوسی Dash7.

ســـپیکەری واتە بڵندگۆی ناوبراو لەگەڵ ئەوەیدا بە قەوارە بچووکە، بەڵام بە کوالێتی دەنگی زۆر بەرزە. سپیکەرەکە کە بە sundmatters dash7 ناســـراوە، تایبەتە بۆ سوود وەرگرتن لە فایلە دەنگییەکانی سەر مۆبایل و تەبلێت، چونکە بڵندگۆکە بە هۆی سیستەمی وایەرلەیس لەگەڵ تەبلێت و مۆبایل و لاپتۆپ پێوەند دەدرێت. کێشـــی بڵندگۆکە تەنیا 200 گرامەو بەرزییەکەی 2 سمە. هیچ سپیکەرێکی هاوشێوەی بەو کوالیتیەوە کە ئەوەندە بچووك بێت بوونی نییە. لە لای پێشـــەوەی ســـپیکەرەکە دوگمەو گلۆپی LED داندراون، دوگمەکانی بەرزکردن و نزمکردنەوەی دەنگ لەو بەشـــەدان تاکو سوود وەرگرتن بەهۆی ئەوەوە ئاسانتر بێت.

لـــە

کـــوردەواری خۆماندا دەڵێن شـــت بە گەورە و بچووکـــی نییە، دەکرێت ئامێرێکـــی زۆر گـــەورە کەڵکێکـــی ئەوتۆی نەبێت و لـــە بەرامبەردا ئامێرێکـــی زۆر بچووك توانایی و کارایيەکی زۆری هەبێت، بۆ نموونە بڵندگۆی بلوتوسی Dash7.

ســـپیکەری واتە بڵندگۆی ناوبراو لەگەڵ ئەوەیدا بە قەوارە بچووکە، بەڵام بە کوالێتی دەنگی زۆر بەرزە. سپیکەرەکە کە بە sundmatters dash7 ناســـراوە، تایبەتە بۆ سوود وەرگرتن لە فایلە دەنگییەکانی سەر مۆبایل و تەبلێت، چونکە بڵندگۆکە بە هۆی سیستەمی وایەرلەیس لەگەڵ تەبلێت و مۆبایل و لاپتۆپ پێوەند دەدرێت. کێشـــی بڵندگۆکە تەنیا 200 گرامەو بەرزییەکەی 2 سمە. هیچ سپیکەرێکی هاوشێوەی بەو کوالیتیەوە کە ئەوەندە بچووك بێت بوونی نییە. لە لای پێشـــەوەی ســـپیکەرەکە دوگمەو گلۆپی LED داندراون، دوگمەکانی بەرزکردن و نزمکردنەوەی دەنگ لەو بەشـــەدان تاکو سوود وەرگرتن بەهۆی ئەوەوە ئا ســـا نتر بێت.



# فەیسبووک خزمەتگوزارییەکی نوێتر




فەیسبووك ئێستاکە گەورەترین شاری ئینتەرنێتی جیهانە و دانیشتوانەکەی یان بەواتایەکی دیکە بەکارهێنەرانەکەی زیاترن گەیشتۆتە زیاتر لە ملیارێك، بەم پێیە بێت دەبێت لە هەر ٧ کەس لە جیهاندا یەك کەس خاوەنی ئەکاونتی فەیس بووك بێت.


هەروەك ئەوانەی مۆبایلی هۆشمەندیان هەیە دەزانن کە چەندین ئەپلەکەیشن واتە پرۆگرامی تایبەت بۆ قسەکردن لەسەر مۆبایل بەهۆی ئینتەرنێتەوە هەیە، وەك پرۆگرامی سکایپی، پرۆگرامی ڤیبرە، کە بە هۆیانەوە دەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ تێچوویەك لە لایەن کۆمپانیای خزمەتگوزارییەکی مۆبایل لەسەرت حساب بکرێت بە ویستی خۆت قسە لەگەڵ هاوڕێیانت بکەی لە هەر شوێنێك بن لە جیهاندا، بەو مەرجەی ئەوانیش ئەو پرۆگرامەیان هەبێت.

فەیسبووکیش لەم دواییانەدا هەوڵیداوە خزمەتگوزاری قسەکردن لە فەیسبووکدا بۆ مۆبایل زیاد بکات، بەهۆیەوە دەتوانیت ئەگەر هاوڕێیەکەت لەسەر هێڵ بێت بەبێ هیچ تێچوویەك قسەی لەگەڵ بکەی. بەم خزمەتگوزارییە نوێیەی فەیسبووك تێچووی ئەو پەیوەندییانەی بە مۆبایل دەکرێن کەم دەبێتەوە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە مایەی نیگەرانی بۆ کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری مۆبایل.




## ناساندنی سایتێک وەک کام کەسایەتییە کارتۆنییە دەچیت

جیهانی مەجازی بەرفراوانە، سایتەکان کە ماڵەکانی شاری ئینتەرنێتن هەمەجۆرن، یەکێك لەم سایتانەی کە تەنیا مەبەست لە چێکردنی سەرگەرمکردنی ئەوانەیە کە سەردانی سایتەکە دەکەن، سایتی /http://www.laressa.com/en لەم سایتەدا کاتێك ناوی خۆت دەنووسی فەرمان بە سایتەکە دەکەی کە وەك کام کەسایەتی



کارتۆنی دەچیت، سایتەکە لەخۆیەوە یەکێك لە کەسایەتییە کارتۆنییەکان نیشان دەدات، نەك هەر ئەوەی کە تۆ دەکات بە کەسایەتییەکی کارتۆنی، بگرە لە شوێنێکی دیکەدا کاتێك فەرمان دەکەی کە وەك کام ئاژەڵە دەچیت، لەخۆیەوە یەکێك لە ئاژەڵەکان دەستنیشان دەکات، یان وەك کام ئۆتۆمبێلە دەچیت، یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکان دەست نیشان دەکات. سایتەکە زۆر فراوانە و لە زمانی عەرەبیش پشتیوانی دەکات.

# بە ئامێرێکی دیجیتالی ئایفۆن دەبێتە کامێرا



مۆبایلی ئایفۆن گەر هەر بەو ڕەوتەی کە ئێستا بەرەو پێشەوە دەچێت، زیاتر هەنگاو بنێت، ئەرکی هەرە لاوەکی مۆبایلەکە ئەرك و کاری پەیوەندیدار بە پەیوەندیکردنەوە بێت، چونکە لەو کاتەی کە مۆبایلی ئایفۆن بەرهەم هاتووە، سەدان ئامێری دیجیتالی تایبەت بە ئایفۆن هاتوونەتە بەرهەم هاتوون. یەکێك لەو ئامێرانەی کە بە مۆبایلی ئایفۆنەوە پەیوەند دەدرێت و ئەرکی وێنەگرتنی مۆبایلی ئایفۆن ئاسان دەکات و لە ڕاستیدا ئایفۆن دەکاتە کامێرایەکی فۆتۆگرافی کە بە یەك دەست کاری وێنەگرتنەکە ئەنجام بدەیت، ئامێری Snappgrip، ئەم ئامێرە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێ کە بەیەك پەنجە کاری وێنەگرتن ئەنجام بدات. ئامێرەکە کە لەلایەن کۆمپانیای Eponymous بەرهەم هاتووە لە ڕاستیدا ئامێرێکی کۆنترۆڵ کردنە کە بە سیستەمی وایەرلەیسی بلوتوس بە ئایفۆنەوە پەیوەند دەدرێت و وەك سلایدێك لە پشتەوەی ئایفۆنەکە دادەندرێت بەهۆیەوە ئایفۆنەکە دەبێتە کامێرای Point-and-shoot.

بە دانانی ئەو کۆنترۆڵە بۆ مۆبایلی ئایفۆن، بەکارهێنەر دەتوانێت گەورەکردن، فۆکس کردن و گۆڕانکاری لە شێوازی وێنەگرتندا تەنیا بە یەك پەنجە ئەنجام بدات. کۆمپانیای ناوبراو لە هەوڵدایە ئامێرەکە بۆ گالاکسی 3ش بەرهەم بێنێت.



# پاناسۆنیك و کامێرایەکی زۆر تایبەت

یەکێك لەو کۆمپانیا مارکانەی کە مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای دیجیتالی، کۆمپانیای پاناسۆنیکە، پاناسۆنیك کە پێشووتر لە بەرهەمهێنانی رادیۆ و تەلەڤزیۆندا وەك مارکەیەکی سەرکەوتوو دەبیندرا، ئێستا مەیدانی کارکردنەکەی فراوانتر کردووە و کۆمپیوتەر و کامێرای دیجیتالیش بەرهەم دێنێ. یەکێك لە کامێرا دیجیتالییەکانی ئەم دواییەی پاناسۆنیك کامێرایەکە بەناوی A100، تایبەتمەندی کامێراکە لەوەدایە کە دەکرێت بە قولابێك بەهەر شوێنێکی جەستەتی هەڵواسی، وەك سەرشان، سینگ یان لە کڵاوەکەتی بدەی. کامێراکە بە ئاو تەڕ نابێت دەکرێت بۆ مەلەوانی و وێنەگرتن لەژێردەریاشدا سوودی لێوەربگیرێت. جگە لەوە سیتسەمی وای- فایشی لەگەڵە دەکرێت لە رێگای ئەو سیستەمەوە راستەوخۆ فایلە ڤیدیۆییەکان بۆ ئەنتەرنێت بگوازییەوە. کوالیتی وێنەکێشانەکەی سەرووی فۆل ئیچ دییە. شەحنەکەی هەتا کاتژمێر و نیوێك فیلم هەڵگرتنەوە دانابەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەریکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا چۆن دەکرێت پرۆگرامێك بەبێ ئەوەی کە بچیتە سەر بەشی add/ Remove Programes لە کۆنترۆڵ پەنەڵدا بە یەکجاری بسڕیەوە؟ ئایا رێگای تر یان شێوازی تر هەیە؟

خوێنەری بەڕێز ئەو بەشەی لە کۆنترۆڵ پەنەڵدا هەیە واتە uninstall or change a program لە کۆنترۆڵ پەنەلدا زۆر باشە بۆ سڕینەوەی پرۆگرامێك، بەڵام زۆر جاران وەك پێویست وەڵام ناداتەوە و زۆر پرۆگرامیش بەهۆی ئەوەوە ناسڕدرێنەوەو ئەگەر بشسڕێنەوە بەتەواوی ناسڕێنەوەو فایل لەدوای خۆیان بەجێ دێڵن، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت پرۆگرامی Final Uninstaller دابەزێنی کە بەراستی لە ڕیزی پرۆگرامە پێشکەوتووەکان دێت لەم بوارەدا. بەهۆی ئەوەوە گشت ئەو فایلانەی ناسڕێنەوە، یان ئەو پرۆگرامانەی نیازی سڕینەوەت هەیە، دەتوانی بسڕیەوە،بەکارهێنانەکەی ئەوەندە ئاسانە تەنیا بە کلیکێك ئەوەی نیازتە دەسڕێتەوە.

# کاوەر و دەسکی گەمە تایبەت بە ئایفۆن ٥

ئایفۆن 5 بەیەکێك لە مۆبایلە ژیرۆك واتە هۆشمەندە پێشکەوتووەکان دادەنرێت، بەهۆیەوە زۆربەی ئەرك و کارە گرنگەکان ئەنجام دەدرێن، بەڵام گرفتێك لە مۆبایلی ئایفۆندا هەیە ئەویش ئەوەیە بەهۆی شاشەی بچووکیەوە گەمەکردن لەسەر مۆبایلەکە زۆر ئاسان نییە. کۆمپانیای iforgz رێگا چارەیەکی بۆ ئەم کێشەیە دۆزیوەتەوە و کاوەرێکی تایبەتی بە ئایفۆن5 بەرهەم هێناوە کە مۆبایلەکە تەواو دەکاتە پلەی ستەیشنێك.

کاوەری جۆری caliber advantage لەگەڵ ئایفۆن 5 و ئایپادی تاچدا دەگونجێت، ئەو دەسکە گەمەیە لە رێگای بلوتوسی 4.0 ەوە لەگەڵ ئایفۆن و ئایپاد پەیوەند دەدرێت،

